# ئایا دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار ئەو هەموو ڕکابەرییە دەهێنێت؟

هەموو لایەک لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران بەباشی ئەوە دەزانن کە سەرۆکی ڕاستەقینەی وڵات بریتییە لە خودی ڕابـەری باڵا و یاریدەدەرەکانی، کە ئەوانیش سەرکردەکانی سوپای پاسدارانن، جگە لەمانە کەسەکانی دیکە هیچ نین جگە لە بەرپرسی جێبەجێکاری سیاسەتەکانی ڕابەر و دەست و پێوەندەکانی. تەنانەت پۆستی سـەرۆک، کە دەوڵەتی ئێران وەک پروپاگەندەی دیموکراسی و جوانکردنی وێنەی خۆی لە دەرەوە و ناوەوە بەکاریدەهێنێت، لە ئاستێکی گەلێک نزمدایە بەراورد بە سەرۆکی سوپای پاسداران، یاخود تەنانەت سەرکردەی فەیلەقی قودس و سەرکردەکانی بەسیج. کەواتە پۆستی سەرۆکی کۆماری ئێران بۆچی؟ نهێنیی پەیوەستبوونی توندڕەوەکان چییە بەم پۆستەوە؟

لێکۆڵینەوە تایبەتمەندەکان بە پەیکەری سیستەمی سیاسی ئێران، کە لەدوای ساڵی 1979وە سەرپێ کەوتووە و لەسەر کۆمەڵە ئیعتیبارێکی بنەڕەتی دامـەزراوە، ئەوە دەردەخـەن کە دروستکەرانی بڕیاری

ناوەندی (المزماة) بۆ توێژینەوە

FOCUS

ناوخۆیی و دەرەکیی لە ئێران جەخت لە دەسەڵاتگەریی سیستەمی سیاسی فارس دەکاتەوە لە پراکتیکی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکییدا، ئەوەش کە لە فۆرمی پۆستی شکڵیی پەرلەمانی و دیموکراسییدا دەخرێتە بەردەم رای گشتی، هیچ نییە جگە لە ئامرازێکی میدیایی بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک، کە گوایە هەڵبژاردن هەیە و پۆستەکان بە شێوەیەکی دیموکراسی لەلایەن گەلەوە دەستنیشاندەکرێن.

هەربۆیە هەڵبژاردنەکانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی زۆرجار لەلایەن هەندێک چاودێرەوە فەرامۆشدەکرێن، دوای ئەوەی دەگەنە ئەو بڕوایەی کە پۆستی سەرۆکایەتیی ئێران پۆستێکی شکڵییەوە و هیچی دیکە، بەڵکو دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەستی ڕابەری باڵای ئێرانەوەیە، هەر خۆیشی کەسەکان لە پۆستەکانیان دادەنێت و لایاندەبات، هەرخۆی ئەندامانی ئەنجومەنی چاودێریی دەستوور دادەنێت، کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی هەموو کاندیدەکانی هەیە بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا، دوای پەسەندکردنیشیان لەلایەن ئەنجومەنی چاودێریی دەستوورەوە، جارێکی دیکە ڕابەری باڵا چاو بە کاندیدەکاندا دەخشێنێتەوە.

ڕابەر دەسەڵاتێکی کراوەی هەیە، بۆ نموونە وەک دەستنیشانکردنی سیاسەتە گشتییەکانی ئێران، هەر خۆیشی سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان و سوپا و پاسدارانە، ئەمە جگە لە دانانی گەورە سەرکردەکانی کایەی ئەمنی و سەربازی، لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی هێزەکانی سوپای پاسداران و هێزەکانی بەسیج، هەروەها ڕاگەیاندنی جەنگ و دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی قەزایی و سەرۆکی دامەزراوەی چاپەمەنیی فەرمیی، هەروەها ڕابەر دەتوانێت دوای بڕیاری دادگای باڵا و وەرگرتنی ڕای پەرلەمان سەرۆک لە پۆستەکەی لابدات، هەموو ئەمانە دانان و پەسەندکردنی گەیشتنیان بە پۆستەکان لە دەستی ڕابەردایە، کەواتە چی شتێک دەمێنێتەوە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کە لە ئێستادا کێبڕکێی لەسەر دەکرێت؟

بەڵام وێڕای ئەوانە ترس و نیگەرانی لە دروستبوونی کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی ئەو وڵاتە، هەمیشە لەبەر چاوی سەرکردەکانی ئێراندایە، خامەنەیی پێیوایە هەر گۆڕانکارییەک لە ڕەفتار و میتۆدی حکومەتی ئێراندا بکرێت، هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو وڵاتە بە کێشە، کە ڕەنگە ئەم مەترسیانە لە ڕێگەی پۆستی سەرۆکەوە بێنەپێشەوە و دواتر لەناو سەرجەم دەوڵەتدا بڵاوبنەوە. هەر لە ترسی توڕەیی و ناڕەزایەتیی جەماوەرە لە دەوروبەری ڕۆحانی، کە هەمیشە مەترسیی داڕمانی سیستەمی سیاسیی ئێران لەبەرچاوگیراوە، هەر ئەمەشە نهێنیی ئەو کێبڕکێ توندە لەسەر پۆستی سەرۆک، وێڕای ئەوەی تەنها چەند دەسەڵاتێکی کەمی هەیە.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە (ئیبراهیم ڕەئیسی) باشترین بژاردەیە لای سوپای پاسداران و ڕەوتی توندڕەو و خامەنەیی بۆ وەرگرتنی پۆستی ڕابەری باڵا پاش خامەنەیی، پرۆسەی ئامادەکردنیشی بۆ ئەم پۆستە لە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە دەستپێدەکات، وەک چۆن خودی خامەنەییش بە هەمان ڕێگە بووە سەرۆک و دواتر ڕابەر، کە پێش مردنی خومەینی کاری بۆ کرابوو، ئەو کەسانەی داوایان لە ڕەئیسیی کرد خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید بکات، هەر هەمان ئەو کەسانەن کە دەخوازن ببێتە ڕابەری باڵا لە داهاتوودا، هەربۆیە دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بووە لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، هەربۆیە ڕەوتی توندڕەو و سەرانی سوپای پاسداران و پیاوەکانی خامنەیی کاردەکەن لەسەر شێواندنی وێنەی ڕکابەرەکەی (حەسەن ڕۆحانی)، هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو بە شان و باڵ و تواناکانی ڕەیسییدا هەڵدەدەن و داوا لە گەل دەکەن کە هەڵیبژێرن، ئەمە جگە لە ئامادەکردنی ئەندازیاریی هەڵبژاردن، وەک هۆکاری دووەم بۆ هەوڵی توندڕەوەکان بۆ کێبڕکێ لەگەڵ ڕۆحانیدا لەسەر پۆستێک کە قورساییەکی ئەوتۆی نییە.

دواجار ئەو کرانەوەیەی لەلایەن ڕۆحانییەوە ئەنجامدەدرێت و ڕەنگە بتوانێت بڕێک نفوزی خۆرئاوایی و هەرێمیی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، گۆڕانێکی ناچارانە لە سیستەمی وڵاتدا بێنێتە ئاراوە و تاڕادەیەک سنوورێک بۆ هەژموونی سوپای پاسداران و دەسەڵاتسەپێنییەکەی بەسەر ئابوورییدا دەکاتەوە، کە دواجار سەردەکێشێت بۆ گۆڕینی سەرتاپای سیستەمەکە، ئەمە نیگەرانیی هەرە گەورەیە لای توندڕەوەکان بەرامبەر بەردەوامبوونی ڕۆحانی لە ویلایەتی دووەمی پۆستەکەیدا.

## سەرچاوە:

ناوەندی (المزماة) بۆ توێژینەوە

http://almezmaah.com/2017/